

# مەیدانی عەمەلەکە!

ئەسعەد جەباری
(سلێمانی)

لەگەڵ بانگدانی بەیانی دایکی لێی نزیک دەبێتەوە و بەئەسپایی بانگی دەکات:

- کوڕم هەڵسە بۆ مەیدانی عەمەلەکە!.

+باشە دایە ئێستا هەڵدەستم.

ئیتر هێدی هێدی خۆی دەجووڵێنێ، بەم لاو ئەو لای قەرەوێڵە ئاسنینەکەی سەری بەرز دەکاتەوە، دنیا تاریکە و شەوێکی کپ، ئاگری نەوتەکەی شۆڕیجە نەبێت ڕووناکییەکەی تین و تاوی بەر ماڵی ئەوانیش دەکەوێ، بەچاوی خەواڵووەوە بەقادرمەکاندا دێتە خوارەوە، حەوشەیەکی ناوەڕاست و درەختێکی مێو سەرتاپای ئاسمانی ماڵەکەیانی داپۆشیوە، دوای خۆئامادەکردن و نانخواردنێکی ئاسایی، دایکی توورەکەیەکی بۆ دەپێچێتەوە و وەک توێشووی ڕێگا و بۆ نانی نیوەڕۆ، دوو هێلکەی کوڵاو لەگەڵ بیبەرێک و دوو تەماتە و دوو نانی تیری، زوو زوویش پێی دەڵێ: کوڕم درەنگە بەرەو مەیدانی عەمەلەکە بکەوە ڕێ.

هەرکە قوتابخانە دادەخرا و پشووی هاوین دەستی پێ دەکرد، ئیتر ناچاربووی کرێکاری بکەیت، ماڵی ئێوەش کەوتبووە دوور، بەلای کەمەوە دوو کیلۆمەتر لەدووریی مەیدانی عەمەلەکە دوور بوون، هێشتا هەر تاریک بوو تۆ خواحافیزیت لەدایکت کرد و بەرەو مەیدانی عەمەلەکە کەوتیتەڕێ، دەبێ ئەو ڕێگایە بەپێ ببڕی، لەدڵی خۆتدا دەتوت «تۆبڵێی ئەمڕۆ ئیشم دەست بکەوێت»، بەدەم ڕێوە بیرت دەکردەوە و دەیان شتت بە خەیاڵدا دەهات، حەزت دەکرد هەموو

ڕۆژێ بچی بۆ ئیش تاوەکوو دڵی دایکت خۆش بکەی، جگە لەوەی پارەیەکی باشت دەست دەکەوێ، لەهەمان کاتدا ئەو قسەیەی دایکیشت کە ڕۆژانە دەیوتەوە وەکوو پەندێکی لێ هاتبوو کاتێ دەیوت «ئیشکەری شیرینی، نوێژکەری نوورینی»، وەک بڵێی ڕێک بۆ تۆ وترابێت و دڵی دایکت شاد بکەی، هەمیشە بەدەم ڕێوە، چونکە ڕێگاکە دووربوو تا دەگەیشتیتە مەیدانی عەمەلەکە سەعات دالغەت لێ دەدا، هەندێ جاریش شیعرت بۆ دەهات و بیرۆکەی چیرۆک و نووسین مێشکتی بۆخۆی لای دەبرد.

مەیدانی عەمەلەکە لەسەرەتای بازاڕی شۆڕیجە بوو، کە دەگەیشتیتە ئەوێ، وات دەزانی بەو بەیانییە زووە تۆ زۆر دواکەوتووی، کرێکار هەموو سەرقاڵی نانخواردنی بەیانیان بوون، شفتە، کوبە، ناوساجی، نان و ماست، چا، بەدەورپشتی مەیدانەکە کەبابخانەش هەبوو، چەندان عارەبانە خواردنیان لەسەر دانرابوون، ئیتر بەیانیان کرێکار سەری خۆیان تێ دەنا، تۆش هەر لەماڵەوە دایکت خواردنی بەیانی بۆ ئامادە دەکردی، کرێکاریش هەموو کەموزۆر یەکتریان دەناسی، کەسێک نانی نەخواردبا لەو مەیدانە، ئیتر بەجۆرێکی تر سەیر دەکرا، یان دەیانوت ڕەزیلە، یان پارەی پێ نییە!، بۆ ئەوانەی کە ڕۆژانە ئیشیان هەبا، بەردەوام لەو مەیدانی عەمەلەیە نانی بەیانیانیان دەخوارد و پۆزیان لێ دەدا، وەک کرێکارێکی بزێو دەهاتن و دەچوون.

شوێنەکانی عەمەلەی (غەشیم) و عەمەلەی (عارف) جیاواز بوون، ئەو شوێنانەش سەرەتا ئەگەر تازە چووبێتیتە مەیدانەکە و هیچ لەبارەی ئیشی کرێکاری نەزانی، ئەوە شوێنی تۆ هەر لای (غەشیم)ـەکانە!، چونکە ئاسان نییە وەستایەک بتبا بۆ ئیش و هیچی لێ نەزانی و خۆت تێکەڵی کرێکاری (عارف) بکەی، عارف بەوانە دەوترا کە زۆر کرێکاریی کردبێت و هەموو شتێکی کرێکاریی بزانێ، بێ ئەوەی وەستاکەی فێری بکات کە بۆ بەردەستی وەستاکەی چی دەکات و چی ناکات، (غەشیم)یش ئەوەی هیچ نازانێ جگە لەبوونی هێز و بازوو ئەگەر هەیبووبێت و منداڵکار نەبێ، چونکە هەندێ تەمەن توانایی کرێکاری و هێزی کرێکاری نییە و هەر زوو هیلاک دەبێت، ئەوە جگە لەوەی دەبێ وەستا فێری بکات ئەو ڕۆژە چی دەکات و چی ناکات، وەستاش ئامادە نییە بەکرێکار بڵێ چی بکات، ئەو یەکسەر دەیەوێت کرێکارێکی شارەزای لەبەردەستدا بێت.

ئەو بەیانییە، تۆش وەکوو کرێکارێک چوویتە ڕیزی (غەشیم)ـەکانەوە و بەچاوی ناخۆش جاروبار وەستایەک، یان شاگردێکی تری وەستایەک دەهات و سەیرێکی کرێکارە (غەشیم) ـەکانی دەکرد کە کرێی ئەوان هەرزانتریش بوو، تاکوو کەسێک هەڵبژێرێ بۆ ئیشی ئەو ڕۆژەی ببا.. خوا خوات بوو ئەو ڕۆژە تۆش پێت بڵێن وەرە بۆ ئیش و کەسێک دەستنیشانت بکات بۆ ئەوەی بەنائومێدی نەگەڕێیتەوە ماڵەوە.

منداڵ بووی، سەرو سیمات هی کرێکارێکی شارەزا و لێهاتوو نەبوو، خۆت لاوازبووی، دەست و پەنجەت هی ئەوە نەبوو کرێکاریت کردبێت و شان و شەوکەتت بایی ئەوە نەبوو کە توانایی ئەوەت هەبێ ڕۆژێ تا ئێوارە بەو گەرمای هاوینە بتوانی کرێکاری بکەی، بەڵام خۆت باوەڕت بەوە هەبوو، چونکە وەرزشکاربووی، هێزی ئەوەت هەبوو کرێکارێکی بەسەلیقە و لێهاتووبیت، تەنیا دەستت لەئیشێک گیربێت و بتناسن، خەمی ئەوەشت بوو کە وردە وردە تاریکی شەو دەڕوات و ڕۆژ هەڵدێ، تۆش لەچاوەڕوانی ئەوەدابووی کەسێک بێت و

بۆ کرێکاری بتبات، بەڵام کە سەیرت دەکەن منداڵ و هەرزەکاری، بەسەرو سیماشتدا دیارە کرێکارێکی شارەزا نیت، ئیتر کەس بەلاتدا نایەت و لەو ڕۆژەدا نائومێد دەبیت، تا وردە وردە مەیدانی عەمەلە چۆڵ دەبێت و کرێکار و وەستا بەرەو کار دەڕۆن و عارەبانەکانیش دەپێچرێنەوە و یەک یەک مەیدانەکە چۆڵ دەکەن و ئەوێ کەسی لێ نامێنێت، یەک دوو تا سێ کەسێک دەمێننەوە، ئەوانیش ناچارن ئەو ڕۆژە بەدەستبەتاڵیی بگەڕێنەوە بۆ ماڵ، لەگەڵ سەرەتای ئەو ڕۆژەدا بکەونە ململانێی ڕۆژگار!.

تۆ لەخەمی ئەوەدا بووی بەو بەیانیی زووە ئەو هەموو ڕێگایەت بڕیبوو، ئێستا دیسانەوە دەبێ بەپێ بیکوتیتەوە بۆ ماڵەوە، کە ڕێگاکەت دەبڕی لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو، بیرت لای دایکت بوو کە چەند بەخۆشی و شادی تۆی بەڕێ خست بە مەبەستی پەیداکردنی پارەیەک بۆ بژێوی ئەو ڕۆژە، تاکوو هانت بدات بۆ کارکردن، ئێستا کە دەچیتەوە بۆ ماڵ، دایکت دەتبینێ ئیشت نەبووە، لەناخەوە دەسووتێ کە کوڕەکەی ئەمڕۆ ئیشێکی بەنسیب نەبووە!، جگە لەوەی کە بەدرێژایی ڕێگاکە هەر کەسێک بتبینێ دەزانێ تۆ ئەمڕۆ نەبراویت بۆ ئیش و بەدەستبەتاڵیی گەڕاویتەتەوە!، لە هەمووی ناخۆشتر کە دەگەیشتیتە بەردەم کۆڵانە چوارگۆشەییەکەتان بە هەموو لایەکدا هەر کەسێک بتیبینیبا، بێ سێ و دوو دەیزانی تۆ ئەو ڕۆژە ئیشت نەبووە، زۆرجاریش بەچاوی کەمەوە سەیریان دەکردی!، چونکە کۆمەڵگە بەتێکڕا چینی کرێکار و دەست و بازوو بوو، ئەو کۆڵانەی ئێوەش بەهەر چوارلادا مووچەخۆرێکی دەوڵەتی نەبوو!، دووکاندار، کرێکار، فیتەر، دەستگێڕ، شاگردی...تاد، ئێ بۆ تۆش کە بێ کار دەهاتیتەوە بۆ ماڵ ئاسان نەبوو، لەپڕ لەدەرگات دەدا و دایکیشت دەرگای بۆ دەکردیتەوە، لە دڵەوە خەمبار دەبوو و لەسیماشیدا بەئاسایی وەری دەگرت کە ئەو ڕۆژە ئیشت دەست نەکەوتووە، پێی دەوتی: خەم مەخۆ کوڕم بۆ ڕۆژێکی تر، ئەمڕۆ نا سبەی!.